# که خەیاڵەکان دێن و وێنەی ساتەکانم بۆ دەکێشنەوە,
# دڵم دەبێتە گڕکانێک لە گڕ و ڕۆحم دەسووتێنێ ...

**بەناز فاتح**

2009/11/8

**لەسەر کەناری دەریاکە دانیشتبوو, بە پەڕی باڵی چۆلەکەیەک یادەوەری ماسییە مردووەکانی دەنووسییەوە, کە بە لایدا تێپەڕیم ئاوڕێکی تۆڕە ئامێز، لێو ڕێژ لە بۆنی خوێن ئاوڕی دایەوە , دیمەن و کردەوەی ئەو کچە خەماوییەم پێ سەیر نەبوو، چوون وامزانی تارماییەکە لە تارمایی ڕۆژێک کە بڕیارم دابوو تیایدا بمرم، کە چی نەمردم , زەمەنێک بوو بڕیاری وەستاندەنەوەی هەنگاوەکانم دابوو , وەلێ بە دیمەنی تیشکی نیگا سوورەکانی ئەو کچە , پێکانم هاتنەوە جووڵە ...**

**بێدەنگ بێدەنگ هەنگاوم دەنا، نەرم نەرم لەسەرخۆ دەڕۆیشتم, وەک ئەوەی ترسی گەیشتنم هەبێت , بە ڕێ کەوتم و لە خۆمم نەپرسی بۆ کوێ ؟؟**
**هەرچەند دەمزانی هەمان ڕێگای دۆزەخاوییە و ڕۆحم پەلکێش دەکات, کە چی بە عادەتی خۆم بوێرانە, سەرمەستانە بەدووی ئاوازی دەنگی کوکوختییە خاکییەکەی سەر دار کالبتۆسە بەرز و لقوپۆ شێواوەکەی بەر دەرگای ماڵەکەمان کەوتم ... لە ناخەوە بە خۆم دەوت ژیان مردنی زووی پەپولە نییە, ژیان فڕینی هەڵۆی ڕۆحە, ئەوەتا باڵ ئەوەتا ئاسمان ئەوەتا ڕۆحی ئەو هاوسەنگ... خێرا بڕۆۆۆ دەی بفڕڕە... مەترسە، لە سوتان، چەشنی قەقنەس هەستەوە , باڵبگرە و بفڕە... سووک بفڕە بۆ سەر لووتکەی چیاکان و لە ناو تاریکی ئەشکەوتەکاندا ئاوێزانی بۆنی خاک و سروشت بە , مەترسە لە بەربوونەوە , گەر بەریشبوویتەوە چەشنی گەڵا بە سەما و ڕیتمێکی هێمنەوە بەربەوە, خۆت هەستەوە, مەهێڵە گێژەلووکەیەکی توند و تووڕە لە ناکاو تێکەڵاوی شێتیی و نادیارەکانی خۆیت بکات...**

**بیتەکانی ئەم وشانە، دانە دانە لە زاری پێنوسەکەم بەر دەبووەوە, لە بەر پێی پەڕەیەکی تەڕ و پەشۆکاوی ژێر شەستە بارانێک بانگەشەی بۆ مەرگی خۆی دەکرد !! ئەو دەمە نەمدەزانی مەرگ هێندە نزیک و پڕ فرسەتە , لە بێئاگایی ڕۆح دەگەڕێ تا باوەش لە بینەقاقای توند کات و دوا هەناسەی بخواتەوە !!**
**ئێوە بێژن؟ ئێوە وەڵامبدەنەوە.. تارماییە سپییەکانی شەو، ئێوە بێژن با ئەم دڵەم لە لێدان بکەوێ و چیتر نەچرپێنێ؟ ئێوە بێژن ئەمە هاواری پەنگ خواردووی ناو گەروومە؟ یا تنۆکێک بارانەو لە پەڵە هەورێکی ڕەشی ئالوودە بە گەڕانەوە بۆ سەرەتا, بۆ بۆنی خاک دەگەڕێ؟ ئێوە بێژن ئەمە زایەڵەیەکە دەنگدەداتەوە؟؟ یا خەیاڵە بە دووی تاڵە دەزوویەکی سپیدا وێڵ بووە؟؟**
**نووکی پێنووسەکەم شکا, پەڕەیەکی ڕەش نەما وشەکانمی تێدا بخەوێ ... شارێک نەما شەمەنەفەرە سەرابییەکان، بۆی سەفەرکەن!! باڵندەیەک نەما ئاوازی کۆچی گەرمیان و کوێستانم بۆ بخوێنێ ... تەم و حەسرەت سەری لە کۆشی چیاکان ناوە، بۆیە چاوم بەرزاییەکان نابینێ !! بۆیە هەناوم پڕ پڕە لە بۆنی خۆێن و یادی ئەو کچە خەماوییە !!**